# زانیاری سەبارەت بە تووشبوونی سیلی شاراوە

## تووشبوونی سیلی شاراوە چیە؟

لەم جۆرە بارودۆخەدا ئەو کەسە تووشی سیلەکە بووە، بەڵام بەکتریاکانی سیلەکە لە دۆخی پشوودا لە لەشیدا ماونەتەوە. کەسەکە نیشانەی نیە، نەخۆش نیە و کەسی تریش تووش ناکات.

یەك لەسەر چواری دانیشتوانی جیهان تووشبوونی سیلی شاراوەیان هەیە. زۆربەی ئەوانە لەو وڵاتانەدا تووش بوونە کە سیلی زۆر تێدایە (نزیکەی هەموو کێشوەری ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست، زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات). لە فینلەندا جاران سیل زۆر بووە. لەبەر ئەوە زۆر کەس لەوانەی کە بەر لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایك بوونە لە منداڵی یان لە گەنجیدا تووشبوونی سیلیان وەرگرتووە.

## بۆچی تووشبوونی سیلی شاراوە باشتر وایە چارەسەر بکرێت؟

مەبەست لە چارەسەرەکە لەناوبردنی بەکتریا شاراوەکانی سیلە لە ئەندامەکانی لەشدا و بەو شێوەیە ڕێگری لە نەخۆشکەوتن دەکرێت.

تووشبوونی سیلی شاراوە بۆی هەیە لە قۆناخێك لە قۆناخەکانی ژیاندا چالاك ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەیان ساڵیش بەسەر کاتی تووشبوونەکە تێپەڕیبێت. لەو کاتەدا کەسەکە نەخۆش دەکەوێت، نیشانەی دەبێت و دەکرێت دەوروبەرەکەشی تووشی سیل بکات. گەورەترین کاتی مەترسیی نەخۆشکەوتن ماوەی نزیکەی دوو ساڵە لە کاتی توشبوونەکە بەدواوە. دوابەدوای ئەوە گرتنی نەخۆشیەکە بەهۆی لاوازبوونی سیستەمی بەرگریی لەشی کاتی یان هەمیشەییەوە ڕوودەدات.

## تووشبوونی سیلی شاراوە لەو کەسانەدا چارەسەر دەکرێن کە مەترسیی زۆری نەخۆشکەوتنیان لەسەرە.

ئەوانەی کە بەرکەوتەی تووشبوونی سیلن بە تایبەتی بریتین لە کەسەکانی دەوروبەری نەخۆشکەوتووەکە، وەکو ئەو کەسانەی کە لە هەمان ماڵدا دەژین. کاربەدەستانی تەندروستی بڕیار لەسەر ئەو کۆمەڵە کەسانە دەدەن کە دەبێت پشکنینیان بۆ بکرێت. تەنها یەك لەسەر سێی ئەوانەی کە بەرکەوتە بوونە تووشبوونی سیلەکەیان بۆ دەگوێزرێتەوە.

- لە سەد کەسی گەورەتەمەندا کە تووشبوونی سیلەکەیان بۆ گوێزراوەتەوە نەخۆشیی سیلەکە دەگرن. نیوەیان لە ماوەی دوو ساڵدا و ئەوانی تر لەو کاتەدا کە تا لە ژیاند مابن.
- منداڵانی خوار تەمەن ١ ساڵان نیوەیان و منداڵانی ١-٥ ساڵانیش یەك لەسەر چواریان بۆی هەیە لەگەڵ تووشبوونەکەدا نەخۆش بکەون. هەروەها گەنجە عازەبەکان و گەورەتەمەنە گەنجەکان مەترسیی نەخۆشکەوتنیان لە تەمەن گەورەکان زیاتر لەسەرە. لەبەر ئەوە تووشبوون لەو کۆمەڵە خەڵکەوە وەردەگیرێت کە تەمەنیان لە خوار ٣٥ ساڵانەوەیە و بەرکەوتە بوونە.
- توانای بەرگریی لەش کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ مەترسیی نەخۆشکەوتن. ئەگەر کەسێك نەخۆشیەکی هەبێت یان چارەسەرێکی دەرمانیی هەبێت کە ببێتە مایەی لاوازکردنی توانای بەرگریی لەشی، بەبێ گوێدانە تەمەنی پشکنینی بۆ ڕێك دەخرێت.

ئەو نەخۆشی و چارەسەرە دەرمانی و کردەوە چارەسەرییانەی کە سیستەمی بەرگریی لەش دەشێوێنن و کە لەو کاتانەدا پشکنین ڕێك دەخرێت بریتین لە:

- نەخۆشیی HIV (ئایدز)
- سیلیکۆس (تۆزی بەردی سیەکان)
- لە کاتی پلان دانان بۆ گۆڕینی ئەندامێکی لەش
- لە کاتی زیادبوونی لاوازیی گورچیلەی درێژخایەندا کە پێویست بە چارەسەری دەستکردی گورچیلە بکات
- لە کاتی پلان دانان بۆ بەکارهێنانی چارەسەری دەرمانیی بایۆلۆجی یان چارەسەری دەرمانیی ڕێگری کردنی JAK .

**چۆن تووشبوونی سیلی شاراوە ڕوون دەکرێتەوە؟**

بۆ گەورەتەمەنەکان ئەم جۆرانەی پشکنینی خوێن بەکاردەهێنرێت (IGRA, Interferon Gamma Release Assay ، بۆ منداڵانی خوار تەمەن ٧ ساڵانیش پشکنینی پێستیش دەکرێت (Mantoux).

## چۆن تووشبوونی سیلی شاراوە چارەسەر دەکرێت؟

پێش ئەوەی دەست بکرێت بە چارەسەر لەوە دڵنیا دەبین کە ئەو کەسە نیشانەی نەخۆشیی سیلی نیە و ئەشیعەی سینگی نۆرماڵە. لە کاتی پێویستدا نموونەی پشکنینی کۆکین کۆ دەکرێتەوە. لە پشکنینەکانی خوێندا تەماشای هیمۆگلۆبین و خڕۆکە سپیەکان و تێستەکانی جگەر و گورچیلە و تێستی hiv (ئایدز) دەکرێت.

بڕیاری چارەسەرکردنەکە لە دوای بیرکردنەوەی کەسێتی و گفتوگۆکردن دەدرێت. چارەسەرەکە تەنها لە کاتێکدا دەدرێت کە ئەو کەسە خۆی بیەوێت و پابەندی چارەسەرەکە بێت. چارەسەرەکە لە شوێنی خزمەتی تەندروستیی گشتیدا (لە نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی) دەست پێ دەکرێت و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. پشکنینەکان و چارەسەرەکە بەپێی یاسای پارەدانی نەفەرەکان بە خۆڕاییە.

لە چارەسەرەکەدا دەرمانی دژە سیل بەکاردەهێنرێت. دوکتۆر بەگوێرەی حاڵەتەکە گونجاوترین جۆری دەرمان یان تاخمە دەرمان هەڵدەبژێرێت. چارەسەرەکە بەگوێرەی بارودۆخ و تاخمی دەرمانەکە ٣- ٩ مانگ دەخایەنێت. بۆی هەیە چارەسەرەکە کاریگەریی لاوەکیی هەبێت. لە ڕێنمایی تایبەتی نەخۆشدا زانیاریی زیاتر بخوێنەوە.

## چارەسەرە دەرمانیەکە تا چ ڕادەیەك کاریگەرە؟

لە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەدا کە چارەسەری تەواو وەردەگرن دەتوانرێت بە چارەسەرە دەرمانیەکە ڕێگری بکرێت لە گەشەکردنی نەخۆشیی سیلەکە.

## ئایا دەتوانم لە کاتی دووگیانیدا ئەو چارەسەرە دەرمانیە وەربگرم؟

ئەگەر تازە پلانی دووگیانی بوون دادەنێن، باشتر وایە چارەسەری تووشبوونی سیلی شاراوە (LTBI) پێش دەستپێکردنی دووگیانیەکە ئەنجام بدرێت.
مەترسیی هەوکردنی جگەری دایك لە کاتی دووگیانیدا کەمێك لە زیاترە. لەبەر ئەوە بە باشتر دەزانرێت کە چارەسەرەکە نزیکەی ٣ مانگ لە دوای منداڵبوونەکە بکرێت. بڕیاری چارەسەر هەمیشە بەشێوەی تاکەکەسی و لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ورد دەدرێت. دەرمانەکانی دژە سیل مەترسی بۆ سەر کۆرپەلەی ناو سك دروست ناکەن.

## خزمەتی خۆت بکە!

دەتوانیت بە شێوازەکانی ژیانی خۆت سیستەمی بەرگریی لەشی خۆت بەهێز بکەیت. واتە خزمەتی خۆت بکە. خواردنی هەمەچەشنە بخۆ، بەگوێرەی پێویست بگەڕێ و بخەوە. واز لە جگەرەکێشان بهێنە و زیادەڕەوی لە خواردنەوەی ئەلکهۆل مەکە. خۆت لە گوشاری دەروونی بپارێزە. ڤیتامین D بەکاربهێنە: ئەوانەی کە پێستیان سپیە لایەنی کەم لە وەرزی تاریکی ساڵدا لە مانگی دەوە هەتا مانگی چوار، ئەوانەش کە پێستیان تۆخە هەموو وەرزەکانی ساڵ.

ئەگەر کۆکەی درێژخایەن و چڵم و بەڵغەمت هەبوو، ئیشتیهای خواردنت نەبوو، کێشی لەشت دابەزی، ماندووبوونی زۆر بەهێز یان ئارەقەکردنی شەوانەت هەبوو.

لەم سایتەدا زانیاریی زیاتر لەسەر سیل بخوێنەوە: www.tuberkuloosi.fi